# لەژێر سێبەری دارخورمایەك

سەرهەنگ حەمەساڵح



**لێم مەپرســـە**
**من لە کوێوە هاتووم**
**لە پڕێسکەی سەرکۆڵی من**
**ڕامەمێنە ......**
**کۆڵێ ووشەی زامدای تیایە**
**هاتووم پێ بمنێمە**
**سەر گڵە خوێواوکەکانی ئێرە**
**سەری قاڵم**
**بۆ ئازارە سەلەفیەکانی**
**ئێرەدا بنوێنم**
**هاتووم لەم دەڤەرە**
**نازی نیشتمانێکی پڕ لەئەشك**
**بنێژم . . .**
**لێم مەپرسە**
**خەڵکی ووڵاتی من چۆنن**
**باسی زیکری خیانەتەکانی**
**ئەوێم بۆ مەکە**
**من لە ووڵاتێکی**

کەس نەناس هاتووم

لێم مەپرسە

بۆ ئەونەندە شەکەت و ماندووم

دەزانم . . من خۆم

لە فرمێسکە قەتیس ماوەکانی

چاوە ڕەشەکانی تۆ دەبینم

ئاوارەیی خۆشم

لە سیمای قەترانی

بێ تاوانی تۆ دەبینم

بەزەییت بە من نەیەتەوە

من گوڵێکم لە باوەشی نیشتمانێك

جێ هێشتوە . . .

حەیف . . کەنەمتوانی

لەگەڵ سۆزی هەناسەیەك

پڕ بەسیەکانم بۆنی کەم

من لەبێ جورئەتی

دەروونە بێ ئاگاکانی

ئەوێ هەڵاتووم

هاتووم تاوێ لەژێر سێبەری

دارخورمایەك بسێمەوە . . . !

xamosh_serheng@yahoo.com